# سواره،بیرمەندێکی هێژا و نوێخواز !



## سواره   ئیلخانی زاده

( 1937-1976)  زاینی

گوڵبژێرێک لە ئافۆریزمە کان و دەربڕینە کورت و پڕ ماناکانی سوارە:

*من ڕۆڵەی چیا، چۆن لە چیا کەمتر بم .

*هیچ کەس شیاوی ئەوە نییە کە بە برسیەتی سەر بنێتە سەر سەرین .

*بەڵام لە شەڕ ناخۆش تر ئەمەیە کە تەسلیم بوون و سەر شۆڕ کردنمان پێی ناخۆش نە بێت .

*دەردی زانین، گاهێ لە ئێشی نەزانین تاڵ ترە .

*ڕۆژگار کڕ و کەڕە و هاواری هەژارانی بە گوێدا ناچێت .

* هەرێمی زۆنگ و زەل ، چلۆن دەبێتە جارە گوڵ .



**ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی**

Reshad Mustafa-Soltani

گوڵانی ١٤٠١ هەتاوی (ئاپریلی ٢٠٢٢ ی زاینی )

جەناب کاک سوارە لە گەڵ شاخ و باخی وڵات باڵای کرد. هەڵبەستوان و داهێنەر و نوێخوازی بواری شیعر و پەخشانی گەلی کوردە ، کە بە هۆی میلیتاریزمی تۆخ و بێ سنوور و سایکۆلۆژی ڕووخاوی تاکی کورد،لەو ئاستەی کە شیاوی ئەوە بە شارۆمەندانی کوردستان نە ناسراوە. کە چێ ناوەرۆک و هەلبەستەکانی دەردو ڕەنجی نە پێوراوی کۆمەڵگا باس دەکات. لەو ئاستەدا کە وەفایی، هەژار ، هیمن و گۆران ، پیرە مێرد، بێکەس ، مەولەوی ، نالی ، خانای قوبادی و بیسارانی بانگەواز و تەبلیغیان بۆ کراوە و ناسێندراون ، هەرگیز بۆ کاک سوارە و ئاسەوارە ناسک و دلڕفێنەکانی بانگەواز و جاڕ نەدراوە. ئەگەرچی مەبەست و ڕوانگەی ئەم وتارە بۆ جەناب کاک سوارە تەرخان کراوە ، ئەمما ئەو دریغ و ناڕەواییە سەبارەت بە هەڵبەستوانی ڕەنجدەرانی کوردستان مامۆستا قانیعش کە شیعرەکانی ڕیسواکەر و قاودەری جیاوازی چینایەتین ، زۆر زەق و بەرچاوە. داخی داخانم شارۆمەندانی دەڤەرەکانی کوردستان ئەو جۆرەی شیاوی ئەم شاعیرە بێت ، نەیانناسیوە و، بیرمەندان و مێژوو ناسان هەنگاو بە هەنگاو ئاگاداری ئەم ناعەدالەتیە دەبن .

## ١- نوێخوازی و جێ هێشتنی کولتوری کلاسیک

جەناب کاک سوارە ئیلخانی زادە هزروانێکی هێژا ، ورد بین ، دوور بین ، ژیر بێژ و زۆر خێرا و بە پەلە بواری کۆن و کلاسیکی جێهێشت. لە ڕەوندی ئەم جێهێشتنە، ڕەنجی نەپێوراوی کێشاو نرخی گرانی دا و ،دەیزانی ئەو ڕێگایە بەگوڵ نە چنراوە . ساواک وەک شەمشەمە کوێرە بە سەر ئازادیخوازاندا بە فڕکە فڕک هەڵدەفڕی و، لە بەر مژ و تاریکی چاو چاوی نەدەدی . لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ ماوەیەک لە زیندانی قزل قەلعە( سوورەقەڵا ) زیندانی و ئەشکەنجە کرا. لە پاڵ هەموو ئازار و ستەمی نەتەوایەتی و ئازاری لەش و گیانی ، دەورەی زانکۆی یاسای لە زانستگای تاران سەرکەوتووانە تەواو کرد. بە پێ سوننەتی کلاسیکی کۆمەڵگا دەبوا وەک پارێزەر و دادوەر ئیش بکات ، ئەمما سەنگەری خامەی هەڵبژاردو خۆی لە بەندیخانەی هزری کۆن بەند نەکرد. لەو پرۆسەیە ڕەنج بە خەسار نە بوو. ئەگەر چی کولتوری کۆن و کات بەسەرچوو ،بە ئاسانی کولتور و فەرهەنگی نوێ و تازە وەر ناگرێت ،ئەمماسوارە جێگای خۆی لە نێو ، شاعیرانی نویخواز و مودێڕن بە شێوەیەکی دڵگێر کردەوە . کاک سوارە ئەگەرچی لە بواری هەڵبەست خاوەن ڕوانگە و ئەندیشەی قووڵ بوو ، لە هەمان کاتدا لە مەیدانی ئێپۆس( داستان) ،ڕۆمان ، نۆڤل و پەخشانی دڵڕفێن و ناسکی کوردی نووسەرێکی بە توانا و خامە ڕەنگین و نوێخواز بووە و،نوسراوەکانی شەڕ لە گەڵ شۆخ و شەنگی خویاندادەکەن. پەخشانەکانی سوارە کانیاوی هەزار نۆشن و لە پەخشانە کورتەکانی ئانتون پاولوویچ چخۆف دەچن. ڕێبازی کاک سوارە ڕیالیزمە کە شێوە و فورمی دادپەروەرانەی بەرزی هەیە. سوارە لە دەورانی کورتی ژیانی پڕ هەڵسوکەوتی ڕەنج و ئازاری زۆری کێشا و، ئاسەواری دەوڵەمەند و تاقانەی لە دوای خۆی بەجێهێشت. لە بواری سیاسیداخاوەنی کودی ئومانیستی و بە نرخ ومرۆڤدۆستانە و گرانبەهایە.

لە هەموبوارەکانی شیعر و پەخشان و وتاری ئەدەبی و میتۆلۆژی ، پەرپەوە و سێڵاو و لافاوی دیکتاتوری و ملهوڕی نەیانتوانی بەو تەوژمە قورسەیان کە هەیانبوو، ڕایماڵن و بەرەو نەمان و سکوت پاڵی پێوە نێن . کاک سوارە قارەمانانە لە بەرانبە ئەو تەوژمە بەهێز و داپڵۆسێنەرە ، ڕاوەستا وبەرگەی گرت و خۆڕاگر و خاوەن ئێرادە بوو. سیستەمی پاشایەتی بۆ ئازادی تابوت و بۆ ئەڤین سنووری دروست کرد، کەچی ئازادی هەرگیز لە تابوت جێگای نابێتەوە و ئەڤینیش سنوور ناناسێت . سوارە یەکێک لە هاوکارانی مانگنامەی " کوردستان " بووە کەساڵی

١٣٣٨ی هەتاوی لە تاران بە زمانی کوردی چاپ کراوە و بەرەو باشوری کوردستان نێردراوە . سیستەمی پاشایەتی و ساواک ئیجازەی بڵاو بونەوەی ئەم گۆڤارەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەداوە . سوارە لە بەشی کوردی ڕادیو کرماشان لە بەرنامەیەکی ڕادیوئی بە ناوی تاپۆ و بوومەلێڵ ( تەرجومەی فارسیەکەی – شبح و سرزمین مەآلود ) هەست و عاتیفە و سۆزی مرۆڤدۆستانە و ئەندیشەی خۆی هەوەڵ لە مێشکیدا تاشیوە ،ڕێک و پێکی کردووە ، تیف تیفەی داوە و پاشان بڵاوی کردوەتەوە . لە لێکدانەوەیەکی زانستی و ئەدەبیدا ، بۆ ئەدەبیاتی کوردی چوار قۆناغی دیاری کردووە .١- هەڵبەست لە فورمی بەیت ، کە سەرجەم شەفاهیە ٢- شێوازی هەڵبەستی هیجایی ٣- فورمی شیعری عەروزی ٤- هەڵبەستی نوێ . جێگای شیاوی کاک سوارە بە زۆری لە هەڵبەست و نوێخوازی شیعر پۆلبەندی دەکرێت . زمانی شیعر ناڕاستەوخۆ و زمانی پەخشان ڕاستەوخۆیە . شێوەکانی بەیت و هیجای لێهاتوانە و شارەزایانە دیسانەوە زیندوو کردوەتەوە و، لە گەڵ مێژووی سەردەم هاوڕەوت و هەمواری کردووە . کارێکی دژوار و سەختە کە توانا و هیمەتی بەرزی دەوێت . بناغەی شیعری نوێ کوردی لە پێشاژەیەکی هەنگاو بە هەناگاو لە لایەن هەلبەستوانانی باشور و ڕۆژهەڵاتەوە ،ئەگەرچی پەیوەندیەکانیان یا هەر نەبووە و ئەگەریش هەبووبێت پچڕ پچر و هەمیشە میلیتاریزم و شوینیزمی تۆخ گرفت و ئارێشەی قوولی بۆ خولقاندبوون ، دانرا. کاک سوارە ، هوشەنگی ئیبتهاج ، جەلال مەڵکشا، فروغی فەروخزاد،فاتحی شێخ ( چاوە ) نیمایوشیج ، شێرکۆ بێکەس ، گۆران و عەلی حسەن یانی ( هاوار) ، پشکۆ نەجمەدین ،حسین بەفرین ، موسلیح شێخ الاسلامی ، ئەحمەد بازگر ،فەریدوون ئەرشەدی و عەبدوللە پەشێو خۆیان لە دیوارە بەرتەسکەکانی عەروز و قافیە و لە کۆلانە پێچاو پێچەکانی سوننەتی کلاسیکی کۆنباو ڕزگار کرد و شیعری کوردیان، نوێ کردەوە و گەشەیان پێدا و بناغەی نوێیان بۆدامەزراند. هزر و بیری پێشکەوتوویان دیواری تاریکی ڕووخاند. دەبوا نێوی زۆر شاعیری نوێخوازی ترم نووسیبا ،بەڵام بە بیر خانەی مێشکمدا چوومەوە بە هانامەوە نەهات . بەدڵێکی پڕ لە وەفا و خۆشەویستی بۆ ئەو نووسەرانە ، هیوادارم دڵمەند نەبن و دڵنیام لە بیرچوونی ناوەکانیان لە گەورەیان کەم ناکاتەوە و تکایە بمبورن . شیعری " خەوە بەردینەی "کاک سوارە دوور نما و بۆچوونی بەر لە کات و زەمانە. خەوە بەردینە ، شیعریکی لە بەها نەهاتووە و سەر لە بەری پڕ ناوەڕۆک و لە گوڵباخی نێو پەرزین دەچێت وشابیری کاک سواریە کە دەبێ بە پەیژەی خەیاڵ بۆی بچی و، ئەگەر شێخ بۆی شێت نە بی ، مەعلوومە بێ وێجدانیە . کۆپلەیەکی شیعری خەوە بەردینە ، دەتوانی کلیلی ئەو گەنجینە قەدرگرانە بێت.

ئەڵێن تاجی زمرووتی دوورگەی لەسەر ناوە دەریا ،

هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە ، شەپۆلە ، لە بوونا لە چوونا،

بەئاهەنگە سەربەندی بزوێنی خۆشی ،

لە بەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ ،

ئەڵێی : هانی هەستانە دەنگی خرۆشی ،

سروودی خوناوەی بەهارە لە گوێما،

لە هەر شیوە جۆبارێ هەر دەشتە چۆمێ،

لە دڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەیشتن ،

لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەر چوو،

زەمانی تەریکیم ، ئیتر خێر و خۆشی لە ڕێما !
کۆپلەیەکی ناسک و دڵگیر سەبارەت بە جوانیەکانی سروشت و گۆمی زرێوار ، هی کاک سوارە بخوێنەوە .

بەڵێ وای ئەتۆ ،

وەک زرێباری بن خێوەتی مانگەشەو ،

بەمەندی شکۆدار و گەورە و گرانی ،

بەڵام پێکەنە ، تۆ پەریزادی گوڵخەندەرانی !

## ٢- بواری ئێرۆنی، ساتیر و میتافۆر(ئیستعارە و تەنز) :

ئەمە دەنگی دەنووکی مەلی بەیانە ، کە پەرژینی سەختی شەو کون ئەکا، تا دەروویەک لە سەر پرشنگی هەتاو بکاتەوە .

کاک سوارە ، وەک هەندی لە نووسەرانی سەردەم بۆ نموونە سالتیکۆڤ شچدرین ، گوگول، سادیق هیدایەت ، سەمەدی بیهرەنگی، عوبید زاکانی، عەزیز نسین خۆی لە بواری ساتیر و ئێرۆنی داوە و سەرکەوتوو بووە . جێ سەر سوڕمان و داخێکی گرانە کە ڕەخنەی هەندی نووسەر دڵ شکێن و سەر شکێنە. من وەک خوێنەرێکی کۆنووسی نوسراوەکانی کاک سوارە، لە سەر ئەو باوڕەم کە پەخشانی ( نەسر) لە گەڵ شیعرەکانی هاوڕەوت وتەواوکەری یەکترن و لەهەندێ جێگا پەخشانەکانی بڵاوین

تر و دلگیرتر و سەرکەوتوو ترە. چونکوو حەریری تەعبیر ،نەشتەری ڕەخنە و ئیشارە لە پەخشانەکانی سوارە خەم ڕەوێنی ڕۆژانی تاڵ و تفتی ژیانە .

لە وتاری نامەی گورگی برسی بۆ بەرانی دابەستە ، شاکاری تەنزی لە قاڵبی گفتوگۆ و مناقشە و نامە بە جۆرێکی ئوستادانە کێشاوە و دەبوا تا ئیستا ، ساڵۆنی شانۆگەری شارەکانی کوردستانی ڕازاندبایەوە . ئێرۆنی و ئیستعارە لەم پەخشانەدا ، نیشانە وئامانجی پێکاوە و،پەیامی پڕ ناوەڕۆک و دیسکورسی شیرین و پڕ بایەخی لە زمانی مام گورگی تەڵەکەباز و پەزی دابەستەی کاڵفام ، لە شێوازی ساتیر و ئێرۆنی داڕشتوە وباس کردووە . خوێنەر بە خێرایی بۆ نێو کۆمەڵگا و داو و بۆسەی حیلەبازان و جەماوەری ئاسایی دەبا. هەڵسەنگاندنێکی بە پەلە لەسەر مێشکی خوێنەر بەجێ دێڵێت کە بە چ شێوەیەکی شاراوە و نە شاراوە و بەگشتی لە لایەن ماسمێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە خەڵکی ئاسایی و سڤیل فریو دەدرێن. لەم دێڕانە شاکاری ئیرۆنی و ساتیری لە پەخشانێکی دڵگیر و گەلپەسەند داڕشتوە و ئازاری جەستەی ماندووی مرۆڤ دەشکێنێت . وەک نموونەکانی : پارچە هۆنراوەیەکی تەنراو بە تان و پۆی خۆشەویستی ، خۆرەتاو لە کۆچی ڕۆژانەی بەرەو سەرای شەو دوو دڵە ،لە ژێر پەردەی حەریری فرمێسکدا خۆی حەشار دابوو ،لە لووتکەی دوورە دەستی ئازادی ڕێگا ببڕی ،وەک ئاسکی ڕەوەک لەم زمانە تەق و ڕەقەی تۆ سڵ دەکا ، هەست دەتوانی مانگ بە دەزوویەکی سوور بە ئاسمانەوە هەڵواسێ ،ژەنگی دوژمنایەتی لە نێوان حیزبەکان ژە هراوی و ترسناکە ، تاوێری زەمان بەسەرماندا دێ و دەمانهاڕێ ، نیگای وەک هەلۆی برسی هەلفڕی بۆ دوورە دەستێکی نادیار ،گژە بای مەرگ تێکەوەی پێچا و ڕایماڵی ،خەو لە چاوم تارا و خەم خۆی خزاندبوە ناو دڵمەوە ،قاقای شێتانەی شەست تیر و ڕەشاش ئەزریگێتەوە ،پلووسکی پێنووس ڕەهێڵەی بارانە . لە هەندی لە وتارەکانی شاکاری تەنز و ساتیر ، ڕاستەوخۆ خوێنەر بۆ قووڵایی ئەندیشە و هزری کۆمەڵایەتی ڕادەکێشێت.

جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی باڕییە ،
جێگەی مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێوییە !

## ٣- میتۆلۆژی و ئەفسانە دێرینەکانی کۆمەڵگا :

لە کولتور و ئەفسانە کۆن و قەدیمەکان باس دەکات. کە بەشێک لە مێژووی هەر نەتەوەیەکە. بەیتی لاس و خەزاڵ ،داستانی هەزار و یەک شەو، چەکوش وەشێنی ڕۆلە کوژراو ،داستانی لیلی و مەجنوون ، کاوە و ئەهورمەزدا. لە تراژدی سەیدەوان ،بوێرانە و دڵگیرانە ئەم میتولۆژیە دەگێڕیتەوە و خیتاب و دیسکورسی هیمەتی بەرزی ڕێبەری خێڵ ،میترائیسم و میهر پەرەستی ، دڵنەوایی لە میوانەکان و میوانداری، داب و تەریتی ئەو سەردەمە ، ئامێری زوڕنا و دەهۆڵ ، هیمەتی بەرز و بەخشینی سەروەت و سامان ،سوڕی دیلان و هەڵپەڕکێ ڕەشبەڵەک ،ستران بێژان ، کولتوری ژن گواستنەوە بۆ سێ کوڕ بە ناوەکانی: سەیدەوان ، نێچیرەوان و مەلکەوان ، دوو کوڕی بە ڕووداوی ناخۆش نەماوەن و باوک لە پێڤاژەی ڕاو بەهەڵە و لەباتی بزنەکێوی سەیدەوانی کوڕی دەپێکێت و،پاشان باوک لە سەر جەستەی بێگیانی سەیدەوان فرمێسکی خوێنین هەڵدەوەرێنێت . عەبدول عەزیز باوکی کوڕەکان کە داسنی( زەردەشتی ) و کوردە بە ناهۆمیدی دەڵێت :کێ دیویەتی لە سەر سێ کوڕان وەوی بچنەوە ماڵی بابیان بە کیژی ؟

بەیتی خەج و سیامەند ، بەیتی قەڵای دمدم ، بەیتی شێخی سەنعان ، بەیتی زەنبیل فرۆش ، بەیتی ئاوڕەحمان پاشا ، بەیتی شێر و کەڵ ، کە بێ هیچ دوودڵییەک لە ڕوانگەی کاک سوارەوە سەروەت و سامان و گەنجینەی زمانی کوردین. لە یەکێک لەم بەیتانە ، بە شێوەی ڕاستەوخۆ ، دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری عوسمانی بە " بڵحە ڕۆمی " ناودەبات و گاڵتە بەو دەسەڵاتە دەکات . لە – شەنگەسوار – ڕووداوی مێژوویی وەک پڕمەی کەحێلی دوازدە سوارەی مەریوان ( جەناب پیرە مێرد بەسەرهاتی قارەمانانە وبوێری دوازدەسوارەی مەریوانی بەشێوەیەکی مودێڕن داڕشتوەتەوە ) ودیواری چین و پەیکەری بولهەول باس دەکات.

میر میرێن ناوی کۆمیدیەکە کە لەدەڤەری موکریان باو بووە . ئەم شانۆیە ڕەخنەی توند لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و زۆرداران دەگرێ .کە دیاردەی سانسور و دیکتاتوری نەیهێشت لە کۆمەڵگای کوردستان پەرە بستێنێ وهەر لە هەریمی موکریان بەرتەسک بوەوە و مایەوە.

## ٤- دژی شەڕ وشوینیزمی تۆخی داگیرکاران

کاک سواره خاوەنی هەڵویستی ڕادیکال و مرۆڤدۆستانە بوو ، بێگومان ئەم دڵسۆزی و میهرەبانیە لە ئەندیشەی ڕادیکاڵ و هیمەتی بەرزی بنەوانی گرتوە . ئەو کاتانەی کە ئازادیخوازان وەک کۆتر نێچیری داڵ بوون و، بە چەکی لەش کوژ و بیر کوژ دەرگای مێشک و دەمیان کلیل درابوو، پەردەی لە سەر دەرد و مەینەت و داگیر کاری کوردستان لادەبرد. شەڕی داسەپاو کوردستانی کامباخ کردووە . میلیتاریزم گورگی هاری دەم بەخوێن و تاریکستانێک بوو کە تەور نەیدەبڕی و شارۆمەندانی نوقمی ڕەشبینی و ناهومێدی کردبوو و ،هاوکات کتێب داپاچ و دوژمنی زانست بوون . دەنگی بیرمەندی خاوەن هەڵویست ، مێشک ڕوون ، نرخناس و مرۆڤدۆست کپ کرابوەوە . کارەساتە سامناکەکانی کوردستان ناخ دەسمن وئاسەواری لەسەر ویژدان و هزری تاکیی کورد بە جێ هێشتوە . تا ئەو جێگایە دەکرا و تیغی هەسان لێدراوی سانسور و حکومەتی توتالیر ئیزنی دەدا ، ڕاستەو خۆ و ئەگەر دیواری سانسور لە دیواری وڵاتی چین پانتر و بەرزتر بوو پەنای بۆ ئیستعارە و وتەی داپۆشراو دەبرد و ، ڕاسپاردەی خۆی بە کۆمەڵگا دەگەیاند. شیعر لەدەورانی شوینیزمی دڵ سیا و سانسور ، کە دەسەڵاتی تاریکی زۆر تر دەبێ و ڕووناکی پاشەکشە دەکا، بۆ مرۆڤی هێوابڕ ، سەرچاوەی ئیلهام و وزەیە و تیماری ژان و دەرد دەکات . لە پڕوسەی مێژوودا شەڕ سیمفونی مەرگ لێدەدا و، بەختەوەری و ئاسایش سیمفونی ئاشتی لیدەدەن . لە شەڕی داسەپاو دار و دیوار باوش بە مەرگا دەکات . شەڕ وەک ئاوینەی شکاو ، وێنە جوانەکانیش ناشیرین پیشان دەدات . سوارە لەم پاراگرافەدا دژ بە شووینیزمی دەسەڵات خوازی ملهورو دیکتاتورەکانە کە لە باتی مێشک ، کەللەی سەریان لە قورقوشم ئاخێنراوە.
گەرووی تینووی تۆپ و ڕەشاش خوێنی گەشی لاوەکانی قوم قوم ئەخواردەوە ، بەڵام سوکنایی نەدەهات . ئەگەر باش گوێ ڕابگری، پڕمەی گریانی خاک ئەبیستی! قاقای شێتانەی شەست تیر وڕەشاش ئەزرینگێتەوە .

ئەگەر بیابانی نۆگرەسلمان و چیای جەبەڵ حەمرین وەک یەک بن، ئەگەر دڕووی وشتر خۆرکە و گوڵی شلێرە یەک ڕەنگ بن ، ئێمە و ئەوانیش وەک یەکین .

لەم کۆپلە شیعرەدا هێرشی نامرۆڤانە و سیمای تاوانبارانەی دوژمن دەر دەخات :

فڕۆکەی دوژمن دێی بۆمباران کرد ،

بە شەوێ هەزار پیر و جوان مرد ،

بەیانی نە دێ ، نە ژن ، نەکانی ،

هیچی نەمابوو .

لە نوسراوەیەکی تری بارودۆخی کوردستان ئاوا باس دەکات .

کاتی شەڕ تەواو بوو ، ئەم نامەیە لە پەنا لەشی بێ گیانی شەڕ کەرێکی گەنجا دۆزرایەوە کە ،لە خوێن هەڵکشابوو. شاری ئێمە و وڵاتی ئێمە بۆنی خوێن دایگرتووە. لە هەموو لایەکی لوورەی چەقڵ و کەمتیار بەرز بوەتەوە. و لە وتاری شەڕگە کە هەستی پیرۆزی ئینسانی ، نیشتمان پەروەری و خەسڵەتی مودێڕنی ئۆمانییستی تێدایە ،بانگەوازی ئاشتەوایی و سولح دەکات و لە شەڕ نەفرەتی هەیە و بێزارە .

## ٥- شەپۆلی متمانەبە خۆ لە بەرهەمەکانی :

کاک سوارە بە پێچەوانە پێگەی کۆمەڵایەتی و ستاتوسی کلاسیک و سوننەتی بنەماڵە، هەڵویستی لیبراوانە و ئاشکرا دەگرێت و، لە بەستێنی چینایەتی بە خاترقازانجی چینی بێ دەسەڵات وئامانجی بەرهەمهێنەران ڕاشکاوانە جێگۆرکی دەکات . کە ئەم پرۆسە و دیاردەیە لە نێوان ڕووناک بیران و هزروانانی کورد ، ئاستێکی بەرزی هەیە و لە بواری خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی لە پێڤاژەی مێژوودا خۆیان بە ڕاوشکاوی نیشان داوە . باری سایکۆلۆژی شارۆمەندی کورد لە لایەن داگیرکارانی هاوسێی " وڵاتی کوردستان "کە تیغی جەللادیان بە خوێنە ڕووخێندراوە و ئەم دیاردەیە لە هەموو بار و بوارێکی ئابوری ،کۆمەڵایەتی و سیاسی تیشک و ڕەنگی داوەتەوە . ئیستاش حیزبەکانی کوردستان کە گوایە پێشڕەون ، بە ڕۆژ و بە شەو هەڵویستی سیاسیان دەگۆڕن و بە شێوەیەک لە شێوەکان متمانەیان بەخۆیان نیە و یا ئەگەر هەیانە زۆر نزم و لاوازە و باوڕێکی نەلەقیو لە پرۆگرامەکانیاندا نیە . تا حیزبەکان دەردەی شارۆمەندان تیمار کەن ، ڕەنگە و پێدەچێت بەردەوام متمانەی شارۆمەندان لەق تر کەن . قۆناغی مێژوویی سەردەم و گلوبالیزم حیزبەکانی کوردستانی جێ هێشتوە و هەر بە دەور بازنەیەکی سنووردار دەخولێنەوە . کاک سوارە یەکێک لە خامەبەدەستانی کوردە کەئاشتیخوازەو متمانەی بەخۆ هەیە و پژواک و دەنگ دانەوەی ئەو متمانەیە لە بەرهەمەکانی دیار و ئاشکرا و شەپۆل دەدات . زمانی هەڵبەستەکان و پەخشانەکانی شاکار و ناوەڕۆکێکی بەرزی پڕ شکۆ و مانای ڕئالیستی قووڵیان پێ دەر بڕدراوە کە هەست بە غووروری شکاوی کەرامەتی کورددەکات.
تائیستا هیچ نوسراوە و دیکۆمێنتێک سەبارەت بە سەفەری کاک سوارە بۆ ئوروپا نە

بیستراوە و نە بێنراوە. دیداری ئوروپا ڕاستەوخۆ بینەر دەخاتە بواری هەلسەنگاندنی ژیانی شارۆمەندانی" وڵاتێک وەک کوردستان" کە کولونی هاوبەشی چوار حکومەتی ملهوڕ و دیکتاتورە و، لە سەر بیری هەستیاری کاک سوارە بێ تەئسیر نەبووە و، بێگومان لە دیتنی ئەو فرە جیاوازییە دڵ بەخوێن بووە .
مەحمود دەرویش ، فروغ فەروخزاد ، گۆران و هوشەنگ ئیبتهاج پاش گەڕانەوەیان لە وڵاتانی ئوروپا نوسراوە و شیعری زۆریان بڵاو کردەوە. جێگای گلە و گازندە نیە ، بەڵام جەناب ئەحمەدی شاملو سەبارەت بە کوشتاری زیندانیە سیاسیەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی هەڵویستی نەبوو. جەناب مامۆستای گۆڕان سەبارەت بە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ زاینی هەڵویستی نەبوو. فاکتۆرە مێژوویەکان دەیسەلمێنن کە مامۆستا گۆران لە حیزبی شیوعی عێراق کە وابەستە بە حیزبی کومونیستی سۆڤیەت بووە پشتیوانی و دیفاعی کردووە . ڕووسیا لە ئاستانەی شەڕی دووهەمی جیهانی و ڕێکەوتنی زلهێزەکان، چارەنووسی گەلی کوردی لە تای ترازووی سات و سەودای نەوتی باکوور دانا و ، بەیەکجاری کۆماری مەهابادی بە تەنیا هێشتەوە. بە پێی دیکۆمینتەکان و ئارشیوی بە جێ ماو، سۆڤیەت بە ئەندامانی حیزبە برادەرەکانی لە جیهان کە وەفادار و پابەندی سیاسەتەکانی ژنراڵ ژوزیف جوگاشویلی ستالین بوون ناڕاستەوخۆ هاندەر بووە وئیجازەی نەداوە کە سەبارەت بە کۆماری کوردستان لە مەهاباد هەستێک دەربڕن و یا شتێک بڵێن .

## تراژیدی سەیدەوان !

لە وتاری تراژیدی سەیدەوان ، ئەم شانۆیە هاوسەنگ و بەرابەری شاکارەکانی شکسپیر ،ئوتیللۆ و هاملیت دەزانیت . و "زەماوەندی خوێناوی" فدریکۆ گارسیا لۆرکا لە چاو بەیتی سەیدەوان ئەوەندە بە بچووک دەزانێت کە مرۆڤی سادیق و ڕاستگۆ ناتوانی بەرانبەر یەکیان دابنێ . هەروەها بەنرخ ترین شاکاری لۆرکا "گۆرانی گاردی سیویلی ئیسپانیایە" . کە هێزە فاشیستەکانی فرانکۆ چاویان بەرایی نەدا و لۆرکایان تیرباران کرد . یا ئۆپێڕا و هۆنراوە مەزن و دڵگیرەکەی مامۆستا گۆران بە ناوی" قژ کاڵی لیّو ئاڵی " وئۆپێڕای "گوڵی خوێناوی "زۆر لە جێگای شیاو و بەرزی خۆیاندان و گرانبەهان. سەرجەم و بە گشتی ئاسەواری هەندی لە نووسەرانی کورد هاوشانی نووسەرانی پایەبەرزی ئوروپا هەڵدەسەنگێنێت . متمانەی کاک سوارە بە خۆی وەک شارۆمەندێکی کورد، لە چڵە پۆپەدایە. لە شیعری تۆ دەریامی ئاوا هەڵویست دەر دەبڕێت :

بەڵام ئەمڕۆ،کە هەر ساتێ دڵی دایکێ ،

لە کوردستان هەلئەقرچێ ،

بەهەر بۆمبای سووتێنەرێک ، پێشمەرگەیەک ،

داری چاکێک دائەقرچێ ،

بەڵام ئەمڕۆ من بەشێکی کوردستانم .

لە هەڵبەستی دووی ڕێبەندان بەم جۆرە هەڵویست دەگرێت :

ڕێبەندانی ڕێ نوێنە ، لە داگیرکەر سەر شێوێنە ،

لە دوژمنان ڕێ بەندانە ، بۆ کورد وادەی گۆوەندانە .

شایی نەدار و هەژارە، ئەوجار هەژار خۆی سەردارە .

پاش چەندساڵ لە نوور دووریمان ، هەڵ بوو چرای جمهووریمان ،

ئەو جار چینی فەلا و کرێکار ، قەت ناڵێن خۆزگەمان بە پار .

لەم کۆپلە شیعرەدا وردبینانە ئامانجی پێکاوە وپاڵی بە هێزی لەبن نەهاتووی گەل داوە و شاخ و کوێستان بە یاری وەفاداری کورد پێناسە دەکات.

No Friend , but Mountains

ئەێ چیا ،باوەشت هومێدی گەرمی گەل ،

ئەی چیا، ڕەمزی هات و هەل !

بەرزی تۆ، گۆڕی دوژمنی !

سەوزی تۆ،ئاسمانە شینەکەی منی !

نانەوێ سەرت بە بۆمبی ئاگرین ،

هەر بژی چیای سەفین و ئاگرین !

# ٦- هەژار پارێز وخاوەنی بیری چینایەتی و،هەڵویستی شیاو بۆ ڕەنجی نە پێوراوی ڕەنجدەران:

کاک سوارە تاجی شکۆ و هێژایی بەڕاشکاوی و بوێرانە دیفاع و پشتیوانی لە ماف و ئازادی چینی ڕەنجدەر وبەلەنگاز و کرێکار دەکا ولە نووکی خامەکەی گەوهەر باریوە. بیگومان سەرخان و ژێرخانی ئابوری ئەو کاتەی ئێران لە سەر ڕوانگەکان و هەڵویستە سیاسیەکانی ڕووناکبیران کاردانەوە و کارتێکەری ڕاستەوخۆی هەبووە . سوارەخۆی لە ژێر هەورێکی تاریک و ڕەش نەشاردوەتەوە و خیتاب و دیسکۆرسی خۆی بە کۆمەلگا گەیاندووە. قەڵەمی دژی قەسابەکانی ئازادی و لە خزمەت ڕزگاری و ئازادی ڕەنجدەران بووە . هەڵویستی بەرزی ئومانیستی و بیری چینایەتی و پشتیوانی لە نەحەساوەکان و بەرەی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی باشور لە کۆ بەرهەمەکانی ئاشکرایە. لە نوسراوەکانی دەردی بێ دەرمانی چینی هەژارو ئازار وژانی شارۆمەندان باس و لێکدەداتەوە و ، لە شیوازی پەخشانی دڵگیر و بڵاوین هەم دەردەکان باس دەکات و هەم ڕێنوێنی چەوساوەکان دەکات تا ئازارەکان بسرەون. پەیوەندیە لۆژیک و عاتیفیەکان لای سوارە هەرەس ناهێنن و ، بەویجدانەوە دەڕوانیتە دەرد و مەینەتی هەژاران ووەک ئاگری دەشتەوان لە دوورەوە دیارە.

من بۆ خۆم نازیم ،من تەنیا نیم ، ئەم خەڵکە هەموویان بەشێکن لە من ! هەندی لە ڕەشاییەکان( خۆش نەژینەکان )* یا لە سەرمایماڵەکەیان ڕایانکردبوو یا لە بۆڵەی خێزانیان لە بەر نەکڕینی کەل و پەل و نەخۆشی منداڵەکەیان . ڕەشاییەکانی لە ماڵ تاراندبوو و ڕوویان لە دیوەخانی ئاغا کردبوو . یا گزیر دەنگی دابوون بەیانی بەفری سەربانی ئاغا بماڵن . دایکی منداڵەکە وەک ئاسکێ کە لە دەس ڕاوچی ڕایکردبێ نیگای پڕ بوو لە ترس و دوودڵی ، چاوێکی لە چەپەری شڕی ناو ماڵە کە بوو کە مێردەکەی لە دیوەخان بگەڕێتەوە و چاوەکەی تری پاسەوانی منداڵە نەخۆشە بوو. – پەخشانی غەریبی –

ئەگەر جووتیار بۆ خۆی نچێنێ و بۆ خۆی بدروێتەوە ، دەرەبەگ کوا کۆشکی چەند قات بۆ بەرز ئەبێتەوە ؟

لەو کۆشکانەش ڕۆژێک هەتاو دەتۆرێ .

لە کۆپلەیەکی ئەم هۆنراوەیە ، هەڵویستی سوارە مرۆڤدۆستانە و ئومانیستیە و شیعرەکە ناسکە و خەیاڵ تێدا دەفرێ: بە ناچاری هەمان عێنوانی شیعرەکەی کاک سوارەم بۆ هەڵبژارد ودانا.

دیمەنی بەفر و زستان :
سێ چوار ڕۆژ بوو باوکی نازدار ،
چوو بوو بۆ شار ،چوو بوو جلی بۆ بستێنێ ،
کراسی جاو ، سەڵتەی بەروپش بەلاشە ،
نازدار خۆی پێی داپۆشێ ڕووتی لاشە ،
ئێوارەیەک چەند تارمایی ، تەرمێک لە کۆڵ،
ئەیانشکاند بەفر و سەهۆڵ،
ملیان ئەنا بۆ ئاوایی ،
تەرمی کێ بوو ؟ تەرمی کێ بوو ؟
تەرمی ڕەق بووی باوکی نازدار !
کردەوەی نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران و زلهێزەکان بە نیسبەت هەژارانەوە ، ئازاری دڵ و دەرونی کاک سوارەی داوە . نموونە:
ئەو هەموو دەغل و دانە کە لە ئاوی ئوقیانوس ئەکرێ تا نرخی بازاڕی بژیو نەشکێ ! بۆ مەگەر هەژار دەردی یەک و دووانە !

ئەگەر کوڕ هەموو ئەوانەی باوکی کچ دەخوازی بکڕێت ، پاشان ئەبێ بۆ نانی شەو دەست بۆ ئەم و ئەو درێژ بکا . کەس نیە بە حاجی بڵێ ئەمە کچ بەشوودان نیە ، ئەمە کەنیشک فرۆشتنە .

## ٧- بە دەسەڵات و پسپۆڕ لە نوسینی وتاری فارسی:

لە بواری زمانی فارسی کە پێنج سەد ساڵە لە لایەن نەتەوەکانی تری ئێرانەوە خزمەت کراوە ، دەسەڵاتی بەرز و پەیامەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ڕەنگین ، قەشەنگ و لە نێرگزە جاڕ وگوڵەباخی بۆن خۆشی نێو پەرژین دەچن . شیعرەکان و پەخشانەکانی کاک سوارە وەک باخچەیەکی پڕ لە گوڵ وایە ، تەنیا ئەوانەی دەیخوێننەوە هەست بە بۆنی گوڵەکان دەکەن . لە هەڵبەستی ( ای شمس ) سەرەنج بدەنە ئەو تەعبیرە جوانانە کە شارەزایانە پێکەوەی لکاندووە .

کۆپلەیەک لە شیعری فارسی " یک صمیمی" دەسەڵات و تیژ بینی سوارەی نیشان دەدات.

میتوان ، در خلوت شب های بیداری ،

یاد یار مهربانی کرد .

یا برا ی صبح فکر نان و آبی کرد ،

میتوان ، عمری به زندانی ، عروسک ساخت ،

یا زنبیل رنگی بافت .

دەسەڵات و تواناکانی کاک سوارە لە هەڵبەستی فارسیدا تەنیا بۆ شیعری نوێ ناگەڕێتەوە، لە شیعری کلاسیک و کۆنی فارسیش خامەکەی ڕەنگین و هەڵکەوتوە . بەگشتی وتارە فارسیەکانی لە گۆڤارەکانی " سخن ،خوشە و فردوسی " بڵاو دەکردەوە .

شغالان را بە هر سو زۆزەای بر لب ،

و ترسو ڕوبهان را ساز و آوائیست .

## ٨- ئاشناکردنی نەتەوەی کوردلە گەڵ کولتور و *فەرهەنگی نەتەوەکانی تر :*

ئەگەرچی ژنوسایدی کورد بە دەروازەی بان کارەسات گەیشتوە بەڵام ،کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و هەرگیز هەڕەشە لە بەرژەوەند و ئاو وخاکی گەلان و حکومەتەکانی ناوچەی رۆژهەڵات ناکات ونە کردووە. هیچ ئازارێک لەوە سەختر نیە کە بێگانەیەک لە وڵاتی خۆت دەرت بکات . سوارە لەم ڕێگایە کونجکۆڵ و مکوڕ و شێلگیر بووە و، ڕەنجی فراوانی کێشا و شیاوی ئیحترام و قەدردانیە . لەو ماوەکورتەی ژیانی توانی نەتەوەی کورد لە گەڵ خامە و ئەندیشەی نوسەران و شاعیرانی نەتەوەکانی تر تاڕادەیەک نزیک کاتەوە، کە لە ئاستی خۆیدا ڕچە شکین بوو. ئەلیکساندرسرگیویچ پوشکین* هەلبەستوانی مەزنی رووسیا، هەلبەستێکی گوتوە کە دوکتور پەرویزناتل خانلەری کردوویە بە فارسی. ئەم شیعرە لە لایەن ڕێزداران : مامۆستا هەژار و کاک سوارە لە زمانی فارسیەوە ، تەرجومە کراوە بە کوردی و ، بە ناوی هەڵبەستی " هەڵۆ "ناسراوە. بە پێوەرەکانی زانستی و عیلمی و عەروز و قافیە و پرنسیبەکانی شیعری کلاسیک ، هەم سوار و هەم هەژار خزمەتێکی چاکیان بەم زمانی کوردی و ئیستعارەکانی کردووە . لە هەمان کاتدا ، شارۆمەندی کوردیان لە گەڵ هەڵبەست و چۆڕاوەی بیری هەڵبەستوانانی بیگانە و لە وانە ڕووناک بیری رووسی و ئەرمەنی ئاشنا کردووە . لە تەرجومەی شیعرەکەی پۆشکین ، کە پەیام و ڕاسپاردەکان لە شیعری هەڵۆ کۆ کراوەتەوە ژیانی سەخت و دژوار و نەهامەتیەکانی کۆمەڵگا و ژیانی پڕ لە کوێرەوەری باس دەکات. کە مرۆڤگەلی

لیبوردوو، خاوەن هەڵویست و نەڕووخاو و پێشڕەو دەتوانن ژیانی سەربەرزانە وەک هەڵۆ هەڵبژێرن و نرخی گرانی ئەو ژیانە پڕ کێشەیە لە ئەستو بگرن. سوارە لە ڕێڕەوەکانی ئەندیشە و دالاًنەکانی بیر ، جوامێرانە تێپەڕ بووە .

تۆ بڵێی پاشی نەمان ژینێ بێ ؟ بۆ لەشی ساردەوە بوو تینێ بێ؟

تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ ؟ یانە ئەو قافڵە وەستانی بێ ؟

ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن – نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن

لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مژی -- چۆن بژی شەرتە نە وەک چەندە بژی !

شیعری شاعیرێکی ئەرمەنستان بە ناوی پێترۆس دووریان ، کە هاولاتیەکی ئەرمەنی بە ناوی خاچادووریان شیعرەکەی لە زمانی ئەرمەنی، بەفارسی تەرجومەی کردوەتەوە . کاک سوارە ئەم تەرجومە فارسییەی شارەزایانە و پسپۆڕانە وەر گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و گیانێکی تازە و زیندووی بەبەردا کردووە. کۆپلەیەک لە هۆنراوەیە : کاک سوارە ناڕاستەوخۆ لەم کۆپلە تەرجومە کراوەدا وەسفی چارەنووس و ژیانی سیاسی –کۆمەلایەتی پێشڕەوانی جیهان کە بێ گۆڕن و سەربازی ونن دەکات.

وا مەزانن من مردووم ، من زیندووم ،

بەلاًم ئەگەر گۆڕی من بێ ناو نیشان ،

لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ ،

و بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێ ڕەنگ بێ ،

ئاخ ... ئەو کاتەیە کە من ئەمرم !

کاک سوارە لە هونەری تەرجومە ، کە ڕاستەوخۆ دەسەلاًتی ئەو نوێنەری دەکات ، خامەڕەنگین و پاراویی زمان و ڕەوان بێژیی نیشان دەدات . شیعری بانگەوازی پەنجەرە کە هی خۆیەتی بە فارسی تەرجومەی کردووە وبە ناوی "دعوت پنجره " بلاًو بوەتەوە ، کە گیانێکی تازەی بەبەردا کردووە و لەئاستێکدا تەرجومەکە جوانە کە لە دەنکی هەنار دەچێت .

## ٩- ڕخنەگرێکی دلۆڤان و ڕێپشاندەر :

بیزار و بێڕەحم لە هەڵویستی ڕووناک بیری وردەبورژوا، کە بە پێی خەسڵەتی

چینایەتی ڕاڕا و فرە جێگای خۆی لە خەباتدا دەگۆڕێت . ڕووناکبیرانێک کە بە هات و هاوار دەم هەراش و بە کردەوە پاسیڤ و شتێکی ترن. جێ سەر سوڕمان و داخێکی گرانە کە ڕەخنەی هەندی کەس دڵ شکێن و سەر شکێنە. لە شیعری ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ ! لە هەڵکەوتوە ئیلیتەکان و ڕووناکبیرە هەلپەرەستەکان چ توندڕەوەکان و چ نەرمڕەوەکان کە وەرچەرخانێکی مێژووییان کردووە و بەشێوەیەک لە شێوەکان پاڵیان بە دیاردەی دیماگۆژێەوە داوە ، ئاوا سکاڵا دەکات .

نیشتەجێ شاری بە گرمە و دووکەڵ ،

ئێوە ئەی کرمی کتێب ،
خوا نەکا بای بە تەوژمی کوێستان ،

لابەرێ پەردە لە سەر بالاتان !

ئێوە کەی شێری چیان ؟

بەردەماوخۆری توڵە و گورگی گەڕن ،

ئێوەن و ئێوەن و لۆکەی گوێتان

بەسیەتی .... بەسیەتی !

ئێستا وا گرمە لە کێوان بەرزە .

یا سەبارەت بە شیعری عەروزی هەڵویستێکی بوێرانەی دەر بڕیوە .

شیعری عەروزی خواستی کەمایەتیەکی ئەشراف و ئاریستوکرات وەک دەرەبەگی خاوەن دەسەڵات و چینەکانی تری حەساوە و تێر و تەسەل بوو ،کە نیازی بە وێژەیەکی دوور لە تێگەیشتنی چەوساوەکان بۆ خەڵەتاندیان و گێژ کردنیان بوو.

خیتاب و دیسکورسی ئەم هەڵبەستە کە خامەی کردوەتە چەک و وشەی کردوەتە گوللە ، و پێ دەچێت ئاماژە بە بزووتنەوەی ڕێزدار کاک سمایلی شەریف زادە و هاوڕێکانی لە ساڵاکانی ٤٧-٤٦ هەتاوی بێت. کە دژی میلیتاریزم و دیکتاتوری سیستەمی پاشایەتی لە ناوچەی دارینەی سەردەشت و بانە ڕاپەڕین و لە پێناو دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی تاجی سەربەرزیان لەسەر نا . لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی ، شۆڕشگێڕانی مەریوان وسنە پەیکەر و مینۆمینتی یادگاری و بیرەوەری لەو جوڵانەوەیە لە گۆڕستانی تایلەی سنە دامەزراند و، مەراسمێکی شکۆداریان بۆ ڕێکخست . کاک سوارە بەردەنگ وخیتاب و دیسکورسی ڕووناکبیری وردە بورژوای

ئەو سەردەمەی ئێران و تارانە. کە  ناپەگیر و ڕاڕان و تانەیان لێدەدات و لۆمە وسەر کۆنەیان دەکات ، بۆ لە شار دانیشتون و قسەی زل دەکەن و یارمەتی جوڵانەوەکە نادەن . بیزاری و نەفرەتی خۆی لەم بەیتەدا بە ناوی " کرمی کتێب " دەر بڕێوە . و نرخ دانان بۆ پەخشانی کوردی پاراو و بلاوێن ، ئامانجی کاک سوارە بووە . لە وڵامی بیسەرێکی ڕادیو کرماشان ئاوا دەڵێت : وەک ئاسکی ڕەوەک لەم عەربییە تەق و ڕەقەی تۆ سڵ دەکات . سوارە بە شەهامەتەوە ڕەخنەی یار و نەیاری وەر دەگرت وهەمیشە لە ڕوانگەی ڕەخنەگران پێشوازی سەمیمانەی دەکرد.

## ١٠- دوکتورینی مائوتسەتونگ ، شۆڕشی سپی !

هەڵویستی کاک سوارە لە هۆنراوەی شار ناکرێت پێوەری هەلسەنگاندنی بەرهەمە ناسک و بیرمەندانە و ڕچە شکینەکانی بێت . لەم هەڵبەستە تەعبیر و لێکدانەوە و سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و ئانالیزی نووسەری ئەم وتارە( ڕەشاد ) و ڕەنگە شارەزایان و پسپۆڕان وبەڕێزانێکی تر ئەوەیە بێت . پرۆسە و پێڤاژەی مێژوویی دەورانی خۆی و ئەوسالانە کارتێکەری تەواوی لە سەر بیر و ئەندیشەی کاک سوارە داناوە . لە دەیەی چل و بگرە تا نێوەی ئاخری پەنجاکان ، وڵاتی شوراکان و سۆڤیەت ئیتر قیبلەی ڕووناکبیرانی چەپ و مارکسیست جگە لەچریکی ئەکسەریەت و حیزبی توودەی ئێرانی و حیزبی شێوعی وڵاتانی عەرەبی نە بوو . تیزی سێ جیهان و دوکتورینی مائوتسەتونگ ، بەسەر بارودۆخی سیاسی – کۆمەڵایەتی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا زاڵ بوو . پەیتا پەیتا چۆڕاوەی بیر و شەپۆلی ئەندیشەکانی مائو ، لە کتێبەکانی چین و بە تایبەت کتێبی سووری مائو جێگای بە مارکسیزمی نەوعی رووسی، کۆریا ،ئالبانی و کوبا تەنگ و لەق کردبوو .
ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە زۆربەی کتێبەکانی مائویان بەخەتی خۆش و جوان دەس نویس و کۆپی دەکرد و بە هەرکەسێک متمانەیان کردبا ، دەدا و بڵاویان دەکردەوە . لە هەمان کاتدا کاردانەوەی چاکسازی و ڕیفورمی" شۆڕشی سپی" سیستەمی پاشایەتی ، کۆمەلگای ئێرانی بەرەو حوزووری چینی کرێکار و هێزی کاری هەرزان بردبوو ،کە ئەم ئاڵ گۆڕە سیاسی- کۆمەڵایەتیە ئانالیز و لێکدانەوەی ئەلیت و نوخبەی سەرانسەر ئێرانی بەرەو پێداچونەوە و وەرچەرخان بردبوو . زۆر ئاسایی بوو کە ڕووناکبیر لە شارەگەورەکانی ئێران خەریکی خوێندنی بواری زانستگا بێت و بەر شەپۆلی بیری مائوتسە تونگ و تەنانەت هوشی مین نەکەوتبیت. جیهان بینی مائو و تاکتیکی شۆڕشی وڵاتی چین گەمارۆی شارەکان لە ڕێگای دیهاتەوە بوو . و ئەم تاکتیکە تەقەدوسی پێ درابوو . کە دێهات ناوەندی

خواردەمەنی ، سەنگەری قایمی شۆڕشگێڕان ، جێگای حەسانەوە ، پارێزراو لە هێرشی دوژمن ، خاوەنی هێزی ڕەنجدەری فراوان، و لە جێگای ژیانی گوندنشینەکانەوە گەمارۆی شار بدرێت . چونکو دووکەڵ وەک شەرای مەرگ شاریان داپۆشیبوو . وزن و پلە و جێگای سیاسی و ستراتیژی دێهات هەتا چاو تەتەری دەکرد بەرز دەبووەوە . بۆیە ئەو بارودۆخە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر بیر وهزری ڕووناکبیران دانابوو . حەسرەتی گەڕانەوە بۆ گوندەکان ، کە تاڕادەیەکی بەرز بە نیسبەت شارەکانەوە کەم نفوس ونورمی ژیان پێشکەوتوو نەبوو و، خەم خواردن و تاسەی ئەو کاتانە نایەتەوە و ڕابوردووە و، سۆز و دڵتەنگی بۆ نیشتمان و هەستی تاڵی غەریبی کە لە فینۆمن ودیاردەی " نوستالۆژیا " پۆلبەندی دەکرێت . پیم وا نە بوو تا ئەو ئاستە شیعری شار سەرنجم بەند دەکات . بە ئاشکرا لە شیعری ' شار " و دەقی وتاری " گەڕانەوە " دیاردەی نوستالۆژیا زاڵە . وشەکانی کەلەبچە ،ئاسن و مەنارە ،جاڕە گوڵ، دەوار ، گۆچ ،کووچە تەنگەکان ،عەشیرەت، هەوای دووکەڵاوی شار ( پەخشانی ئەڤین ) هاواری مرۆڤێکی ئازادیخواز و هەستیارە کە بارودۆخی شار لە گەڵ هەستی ناسکی شاعیر ناکۆکن و یەک ناگرنەوە . شار ئاماژەیە بە گەندەڵی ، دوژمنایەتی، خۆپەرەستی، ململانی ، تاوان ،ئیش ، ئازار ، بێ ویجدانی ،ترس ، تۆقین و کوشتنی بەها بەرزەکان ." ناکرێ و ڕەوا نیە بە چاوی رخنە ، پەڵپ و بەهانە و ئیراد لە هونراوەی شار بگرین ." لە پەخشانی – گەڕانەوە - لە زمانی شارۆمەندێکی کوردەوە بە ناوی هۆمەر ئاوا دەڵێت : پاش شەش مانگ بێدەنگی خەستەخانە و نێوە نووزەی نەخۆش و چرپەی بە ئەسپایی نەخۆشەوانەکان ، هەرای ناو شەقام بۆ گوێی هۆمەر لاوێنەرەوە بوو ، چونکە نیشانەی ژیان و کار و زیندوو بوون بوو . لەو ڕوانگە و دیدگاوە کاتێک وەزنی شار بۆ خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی نرخی لە ئاستی دێهات نیە و ، هەڵکشان و داشکانی بزووتنەوەکانی باشور و کارتێکەریان ، ئالترناتیڤ دەبێتە ئەو ڕووپەڕە جێوگرافیاییە( دێهات ) کە لە گەڵ ئەو شانە فیکریە ( بافت فکری ) بیر و بۆچون و هزرەی بزووتنەوەکانی باشور کۆکە . یانی بزووتنەوەی چەک و پێشمەرگایەتی لە شاخ و کێوەکان و دابڕان لە شار. ڕووناکبیرانی ئێرانی هەنگاو بە هەنگاو و پسکۆ سکۆ لەو لێکدانەوە و دوکتورینی مائو دوور کەوتنەوە و بەرەو مارکسیزمی سەردەم گەڕانەوە،کە بەڕاستی وەک فاکتۆرێکی دیاریکەری کۆمەلایەتی و ، پڕۆسەیەکی سەخت و دژوار و درێژ خایەن بوو و هێواش هێواش ڕەوتی ئاسایی و نورماڵی خۆی پێوا .

شار :

له شارەکەت کە ڕەمزی ئاسن و مەنارەیە ،

مەلی ئەڤین غەوارەیە ،

ئەلێیٚ لە دەوری دەست و پێم ،

ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە ، کەلەبچەیە ،

لە شارەکەت زەلیلە شێر ، باوی ڕێویە ،

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت ،

گوڵم ! هەرێمی زۆنگ و زەل ،

چلۆن ئەبێتە جارە گوڵ ،

منیٚ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم ،

بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت ، ڕانەهاتووە لەشم .

## ١١- سەرەتای بیری ژینگە پارێزی:

لە پەخشانی کەو یار کە قارەمانی وتارەکە مەحمود ناوێکە لە هەڵویستەکانی دژایەتی باوکی کە ڕاوچی و نیچێرەوانە دەکات . لە باوکی پرسیار دەکات بۆ بە تفەنگەکەت پۆلێک کەوت کوشتوە ؟ بریندار کردووە ؟ مەحموود دەلێت باوکە یەک کەو بۆ خۆمان دووان بۆ فرۆش ، ئەوانی ترت بۆ کوشت؟

و لە پەخشانی ڕووبەندی شار ، سروشت و سوڕانەوەی خۆرەتاو و دەشت و مەزرا و ژیانی گوند،کە ساکار و لێواولێو لەسەداقەتە، وەک هێمن کەرەوەی ئازاری دڵ و دەروون و بواری ژینگە پارێزی و پشتیوانی لە باڵندەکان باس دەکات . لە وەسفی کچێکی گوند نشین تەعبیرێک لە جوانی ژینگە وسروشت دەنوسیٚ کە پێت وایە خۆت لە نێو کەروێشکەی پەڵە گەنم و جۆ تێپەر دەبێت و، پیاسەی یار تیری ئەڤینە و دڵی ڕێبواری سمیوە .

لار و لەنجەی لە کەروێشکەی گەنم و جۆ جوان ترە ، دەنگی لە قاسپەی کەو دڵڕفێن ترە !

## ١٢- ئاوڕدانەوە و تێڕامانێک لە ڕوانگە و بۆچوونەکان!

* ڕەمز شکێنی و کود شکێنی شیعری شار فرە سەختە و ئاسان نیە . ئەو وەرچەرخان و گۆڕانە فیکری و هزریە کە ڕووناکبیرانی کورد وئێرانی لە دیاردەی پۆپۆلیزم وبڕیار و هەڵویستەکانیان کردیان، کاک سوارش پەیڕەوی کردووە و بیر و ئەندیشەی لە گەڵ ڕەوتی مێژوو گونجاندبوو و ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی کردبوو . دەبوا بیزاری و دووری لە شار لە ئاستێکی تری سوسیولۆژی و کۆمەڵ ناسی نیشان درابا. بەتایبەت شێوە و فورمی ژیان لەشار پێشکەوتووتر و مودێڕن تر و پەساپەسا لە بواری گۆڕانی بەرەو پێشە . کۆنووسەکانی کاک سوارە سەبارەت بە ئانتاگونیزم و ناکۆکیەکانی ژیانی چینەکانی نێو شار تاڕادەیەک تۆخ نیە و لە لایەن نووسەرەوە کەمتر سرنج دراوەتە بەشی زۆرینەی ڕەنجدەرانی پەراوێزخراوی شار و کەمتر باسی پارادۆکسی ناو شار و کێشە کەڵەکەبوەکانی کراوە . لە حاڵێکدا هێزی کار لە دێهاتەوە بەرەو شار کۆچی کردبوو وجولاّبوو و لە قەراخ شارەکان و گەڕەکە هەژار نشێنەکانی دەور و بەری شار نیشتەجێ بوو بوون و ، فاکتورگەلێکی دیاریکەری ئاڵ و گۆڕە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان بوون .
هەڵویستی شاعیران هەندی جار ڕیزپەڕ وئاوارتەیە و داوەری ئینتماکان تابڵێ سەخت و دژوارە . ڕێزی شاعیرانی نوێخواز و خۆشەویستی جەماوەر وحورمەتی نەپێوراوی نووسەران و هەڵبەستوانانی پێشڕەوی کۆمەڵگا فرە پێویستە. چونکو ئەگەرخۆپەرەستی ، قازانجی بەرتەسکی حیزبی و ئامانجی سنووری کەسەکان زاڵ بێت ، بڕوام وایە هەم تاوانە و هەم ڕەوا نیە .

هەڵویست و بڕواکانی کاک سوارە گەورەیی و ستاتوسی بەرزی ، پێ بەخشی و پێشکەشی کرد. ئانالیز و لێکدانەوەکانم لە ناتەواوی بە دوور نیە. ئاواتەخوازم مینۆمینت وپەیکەری کاک سوارە و کاراکترە لایەق و کاریزماخۆشەویستەکانی تری گەلی کورد ،کە شیاوی حورمەت و ڕێزی فراوانن، هەرچی زوو ترلە زانستگاکانی کوردستان،پارکە گشتیەکان،شەقامەکان ومەیدانەکان دانرێن.

ڕەشاد- مستەفا سوڵتانی

............................ کۆتایی- ئاوریلی ٢٠٢٢ - گوڵانی ١٤٠١

پەراوێز وزانیاری پێویست :

Mao Zedong

١-- مائوتسەتونگ (١٩٧٦- ١٨٩٣) زاینی

لە ڕوانگە و بیر و باوەڕ و هەڵویستەکانی مهاتماگاندی وژوزیف ستالین کەڵکی وەر گرت ، پاشان بەرەو مارکسیزم . لنینیسم هەڵسوڕا . ساڵی ١٩٤٩ شۆرشی چین سەرکەوت ومائو کۆماری گەلی چینی دامەزراند و، ڕێگا پێوان و مارشی گەورەی ڕێکخست . مائو پێ وابوو فەرهەنگ لە سەر ئابوری سوسیالیستی کارتێکەری بەرزی هەیە . شۆڕشی فەرهەنگی ساڵی ١٩٦٦ی زاینی وەک بەرگری لە لادان و بەرخودان دژی گەندەڵی و هزر و بیری ڕویزیونیستی بەدەستەوە گرت و ، وەک ئامێری سەرکوتی نەیاران و دژ بەرانی خۆی بە کاری هێنا و زۆربەیانی لە حیزب دەر کرد. گاردەسوورەکانی ١٩٦٦ ، گەنجانی لایەنگری ڕێبازی مائو و حیزبی دەسەڵاتدار بوون . لەو دەورەدا تەنانەت چۆئن لای دەسگیر کرا و خودی مائو ڕزگاری کرد . زۆر بێ ڕەحم و بە یار و نەیار سوکایەتیان کردو، سیاسەتوانان شۆرشی فەرهەنگی مائو بە هەڵەیەکی ستراتیژی لێک دەدەنەوە. مارکسیزمی مائو هەر لە هەوەڵەوە مارکسیزمی غەیرە چینایەتی و ناوەڕۆکی ناسیونالیستی هەبوو . لە ڕێباز و ئەندیشەی مائو " جەماوەر" جێگای چینە کۆمەڵایەتیەکان دەگرنەوە . مائو لە زانسگاه، مێژووی خوێندبوو و ماوەیەک لە کتێبخانەی پکەن ئیشی کرد.

Mythology

٢- میتۆلۆژی : ئەفسانە گەریی ، ئەفسانە ناسی کە فەرهەنگ و کولتورە کۆنەکان باس دەکا .

Satir ( Ironi )

٣- ساتیر ( ئیرۆنی ): شیوەیەک لە نووسینە کە لە تەنز و ئیستعارە کەڵک وەر دەگێرێت. تەنز و ساتیر و ئیرۆنی مانای تارادەیەک یەکسانیان هەیە ، بەڵام ئیملای وشەکان جیاوازیان دیار و بەرچاوە .

٤- ڕێزدارشنۆ محەمەد مەحمود ،لە زانکۆی کۆیە ساڵی ٢٠٠٦ زاینی، تیزی دەورەی فەوق لیسانسی ( ماجیستێری ) لە ژێر ناوی " ڕۆلی سوارە ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا " پێشکەش کردووە .

٥- هەڵویست ،ئانالیز ،تەحلیل ، لێکدانەوەیەکی لۆژیک و پڕ ناوەڕۆکی بەڕێزان : پ. د. زاهیر لەتیف کەریم و، پ. د. نیان نەوشیروان مەستی سە بارەت بە فورم و ناوەڕۆکی شیعری نوێی سوارەی ئیلخانی زادە . کەخاک تیڤی بڵاوی کردوەتەوە.

Khak TV

Petrus Doorjan ( 1851-1872 )زاینی

٦- لە ئەستەموڵ لە دایک بووە. شاعیریکی ئەرمەنی بووە. تەنیا ٢١ ساڵ ژیاوە. نەخۆشینی سل کۆتایی بە ژیانی هێناوە .

Aristocrat

٧- ئاریستوکرات : لایەنگر و ئەندامی چینی ئەشراف ، کە دەسەڵاتی ئابوری و سەروەت و سامانی زۆریان لە کۆمەڵگا هەیە .

Alexander Pushkin ( ١٨٣٧- ١٧٩٩) زاینی

٨- ئەلیکساندر پوشکین : شاعیر ورەخنەگر و نووسەرێکی پایە بەرزی ڕووسیە . شیعرەکانی بە شێوازی ڕۆمانتیسم گوتوە و ، بناغەی ئەدەبباتی ڕووسی داناوە . چەند جار بە دەلیلی کاری سیاسی دوور خراوەتەوە . بۆ وڵاتی مولداوی تەبعید کراوە ودژی ئیمپڕاتوری عوسمانی و، بەخاتر ڕزگار کردنی خەڵکی یونان خەباتی کردووە و یارمەتی یونانیەکانی داوە. . لە کولتوری دووئیل ، ئەندیشەی ئەشرافیەت و پیاوسالاری زاڵە و وەک "کالا" چاو لە ژنان دەکرێت . هەم پوشکین و هەم لیرمانتۆف شاعیری بەتوانای ڕووسیا ،بە خاتر ژنەکانیان بەشداری دووئێلیان کرد وبە شێوەیەکی سامناک کوژران .

Federico Garcia Lorca

٩- فدریکو گارسیا لۆرکا ( ١٨٩٨-١٩٣٦ ) زاینی ، شارۆمەندی ئیسپانیا، شاعیر، نووسەر،شێوەنگار، ژەنیاری پیانۆ ، ئاهەنگ ساز و شانۆ نووس کە بەدەستی هێزەکانی ژنراڵ فرانکوی فاشیست کوژرا .

١١-ڕەشاییی یا قەرە : بەو توێژ و گورووپانەی نێشتەجێ گوندەکان دەڵێن ، کە بەتایبەت زەوی و زاریان نیە ولە پێکهاتەی کۆمەڵگا تەنیا هێزی کارن . بارودۆخی ژیانیان لە تاڵ ،تاڵ ترە و دەسەڵاتی ئابوریان لاواز و کزە. ژیانیان لە چڵەپۆپەی هەژاریدایە و خۆش نە ژینن . ڕەشایی ، قەرە و خۆش نەژین هاومانان و لە یەک کاتگوریدا پۆلبەندی دەکرێن .

١١-هەندی وشەی بێگانە: دیماگۆژی،نوڤل، ئافوریزم ،ئێرۆنی،نوستالۆژیا،دووئێل

Demagogy , Novell, Aphorism ,irony ,Nostalgia ,Duell